سەرکایەتی هەرەمی کوردستان یەکەم ڕۆژی دانیشتنی خولی شەشەمی پەرلەمان دیاریکرد



وتەبێژی سەرکایەتی هەرەم: ڕۆژی 2ـی تشرینی یەکەم کەبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەدەچێت.

نیوەڕۆی ئەمڕۆ سەشەممە 26ـی تشرینی دووەمی 2024، دڵشاد شەهاب، وتەبێژی سەرکایەتی هەرەمی کوردستان لە کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند کە سەرکایەتی هەرەم ڕۆژی یەکەمی دانیشتنی خولی شەشەمی پەرلەمانی هەرەمی کوردستان دیاریکرد و گوتی: "ڕۆژی 2ـی تشرینی یەکەمی 2024، دانیشتنی یەکەمی خولی شەشەمی پەرلەمانی هەرەمی کوردستان بەڕێوەدەچێت".

وتەبێژی سەرکایەتیی هەرەمی کوردستان ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو ڕایگەیاند، کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بۆ نووسراوی فەرمی سەرکایەتیی هەرەمی کوردستانی لە پەسەندکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان ئاگادارکردووە.

لەبارەی ڕێوشوێنەکانی دوای پەسەندکردنی ئەنجامەکان، وتەبێژی سەرکایەتی ڕوونیکردووە کە بەپێی یاسای سەرکایەتیی هەرەمی کوردستان، لە داهاتوویەکی نزیکدا سەرکی هەرەمی کوردستان (نێچیرڤان بارزانی) فەرمان بە بەڕێوەچوونی دانیشتنی یەکەمی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان دەردەکات و ئەمڕۆ سەشەممە سەرکی هەرەمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی ڕۆژی 2ـی تشرینی یەکەمی 2024، وەک یەکەم دانیشتنی خولی شەشەمی پەرلەمانی هەرەمی کوردستان ڕاگەیاند.